# ڕۆژنامەگەریی کوردی و مەترسییەکانی جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کوردستاندا

(بەشی سێهەم)

مەریوان وریا قانیع

## سەرەتا

بەشی یەکەمی ئەم نووسینە تەرخانبوو بۆ قسەکردن لەسەر کێشەی ئاشکرانەکردن و شاردنەوەی زانیاری لە کوردستاندابەتایبەتی شاردنەوەی زانیاری باوەڕپێکراو لەسەر «ئابوری حیزب» و توانا مادییەکانی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا. لەوەش دواین چۆن ئەم دۆخە ڕۆژنامەنووسی ناچارکردوە گوێ بۆ سەرچاوەی نهێنی و شاراوە و نەناسراو ڕادێرێ و چۆن ئەم کارەش ئەگەری بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست گەورەدەکات. لە بەشی دووهەمیشدا لەو پەیوەندییە ئاڵۆزە دواین کە ڕۆژنامەنووس و حیزب لە کوردستاندا بەیەکدیەوە گرێدەدات و ئەوەمان نیشاندا کە ڕۆژنامەگەریی کوردیی تا ئێستاش پێیەکی لەناو مۆدێلی ڕۆژنامەگەریی شۆڕش و پێیەکەی دیکەی لەناو مۆدێلی بەعسیانەی ڕۆژنامگەریدایە. دواهەمین بەشی باسەکەمان تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان ڕۆژنامگەریی و سیستمی داد لە کوردستاندا و ئەوە کێشانەی ئەم پەیوەندییە دروسیاندەکات.

## دادگا لەنێوان ڕۆژنامەنووس و سیاسیدا

بۆ نیشاندانێکی سەرەتاییانەی ئەم پەیوەندییە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو کێشەیەی لەنێوان کاک عارف تەیفوری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەم بورهان قانیعی ڕۆژنامەنووسدا ڕوویدا. ئەوەی سەرنجی کەسێکی دەرەوەی ئەو کێشەیەی نێوان ئەم دوو بەڕێزە ڕادەکێشێت هەڵوێستی دادگایە لە هەولێر. سەرەتا ڕازینەبوونی دادگا بە بەربوونی مەم بە کەفالەت خۆی شوێنی پرسیارە، زۆربەی پارێزەرانی کوردستان ئەو ڕاستییە دەزانن کە لە دۆخێکی وادا بەردانی تۆمەتبار بە کەفالەت مەسەلەیەکی ئاساییە و پێویست بەهێشتنەوەی تۆمەتبار لە زینداندا ناکات. هەر خودی بەربوونی مەم دوای ٣٤ ڕۆژ زیندانیکردن بە کەفالەت، بێگومان دوای واستەیەکی زۆر، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئەم ڕۆژنامەنووسە دەکرا ئەو ماوەیە لە زینداندا نەهێڵدرێتەوە و زووتر بە کەفالەت بەربدرایە. ڕاستە بەپێی یاساکانی بەعس لە عێراقدا داوەری لێکۆڵینەوە بۆ مەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە دەتوانێت تۆمەتبار بۆ ماوەیەکی تایبەت لە زینداندا بهێڵێتەوە، بەڵام لە دۆخی مەمدا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لە ئارادانەبووە تا پێویستی بەو ماوە درێژە بێت. جەوهەری کێشەکەی مەم ئەوەبووە کاک عارف داوای ناوی ئەو سەرچاوەیەی لێکردوە کە لە هەولێرەوە هەواڵەکەی بۆ سلێمانی ناردوە. مەمیش بە ڕاشکاوی بەم بەڕێزەی ڕاگەیاندوە کە ئەو ناوی ئەو سەرچاویە نازانێت.

بێگومان هەڵوێستی دادگا تەنها لە مەسەلەی هێشتنەوەی مەم لە زینداندا و ئازادنەکردنی بە کەفالەت کۆتایی پێنایەت، دەشێت درێژکردنەوەی ماوەی هێشتنەوەی ئەم ڕۆژنامەنووسە لە زینداندا، بەپێی پێوادنگەکانی بەعس، کۆمەڵێک پاساوی یاسایی بۆ بهێنرێتەوە و بگوترێت ئەو ماوەیە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە کێشەکەدا پێویست بووە، بەڵام ئەوەی ناکرێت لەپاڵ هیچ سیستمێکی یاساییدا هیچ پاساوێکی بۆ بهێنرێتەوە ئەم سێ مەسەلەیەن:

یەکەم: بۆ مەسەلەی دیتن و سەردانی مەم ڕازیبوونی کاک عارف پێویستبووە.
دووهەم: بۆ بەردانی بە کەفالەت دیسانەوە ڕازیبوونی کاک عارف پێویست بووە.
سێهە م: کاک عارف مەمی ناچارکردوە نامەی پاشگەزبوونەوە و لێبوردن بنووسێت، بەوشێوەیەش کە لەگەڵ زەوق و ویستی بەڕێزیدا بگونجێت. (لەبەشی یەکەمی ئەم ووتارەدا هێمامان بەوە کرد کە کاک عارف بە نامەی یەکەمی مەم ڕازینابێت و داوای نووسینی نامەیەکی دیکەی لێدەکات)

لەم سێ دۆخەدا ئێمە نەک لەبەردەم حوکمی یاسادا نین بە ڵکو لەبەردەم حوکمی دەسەڵات و سایکۆلۆژیا و زەوقی کاک عارفداین. ئەوەی لێردا بڕیاری گرتن و سەردان و کەفالەتوەرگرتن و بەربوون دەردەکات دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن نییە، بەڵکو هەست و ویست و ئیرادەی تۆڵەکردنەوەی کاک عارفە. ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆمان و خەڵک و ئایندەی میللەتەکەماندا نەکەین، لەم سێ دۆخەدا ئێمە لەبەردەم شێوەیەکی نالەبار و خراپ و ئاشکرای پێشێلکردنی یاساداین کە لە خەیاڵی زۆرماندا سەردەمی بەعس و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بەرپرسەکانی بەعسمان بیردەخاتەوە. ئەم هەڵسوکەوتە شایەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتێکە کە میللەتی ئێمە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات بەشێوەیەکی بەرپرسیار بیباتە ناو جیهانی ئاڵۆزی سەدەی بیست و یەکەمەوە و بۆ ئینسانی ئێمە، کە نزیکەی سەدەیەکە داگیرکەران ئیهانەی دەکەن و وەک بوونەوەرێکی بچووک تەماشای دەکەن، ڕێز و ئیرادە و هێز بگەڕێنێتەوە.
نایشارمەوە ئەگەر حوکم و دەسەڵاتی یاسا لە کوردستاندا دەستبەکار و ئامادەبێت ئەوەی لەم مەسەلەیەدا پێویستی بە لێپرسینەوە  هەیە، مەم نییە بەڵکو کەسی کاک عارف تەیفورە، ئەوەی یاسا پێشێلدەکا ڕۆژنامەنوسێکی کورد نییە بەڵکو یەکێکە لە سەرکردە سیاسییەکانی ئەم میللەتە، ئەوەی دەسەڵات خراپ بەکاردەهێنێت مەم نییە بەڵکو کاک عارفە. خۆش لەوەدایە هەم کاک عارف و هەم بەشێکی گەورەی نوخبەی سیاسی کورد هاوڵاتی یەکێک لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانن و لەزۆر ڕووەوە مافی خۆیان و ماڵ و منداڵ و کەسوکارەکانیان پارێزراوە و کەس ناتوانێت لەو وڵاتانەدا بێقانونیاین بەرامبەر بکات. کەچی  ئەم بەڕێزانە لە کوردستاندا ئەو ڕاستییە سادانانە لەیاددەکەن و بە شێوەیەک مامەڵەی یاسا و سیستمی داوەریی دەکەن کە بەسەدان پەتەوە بە کەلەپووری دیکتاتۆریانەی بەعسەوە بەستراوەتەوە، نەک بە ئەزموونی دیموکراسییانەی ئەو وڵاتانەوە کە خۆیان هاووڵاتیان تیایدا. گومانم لەوە نییە کاک عارف لەمن باشتر دەزانێت کە ئەم شێوە بەکارهێنانە نا بەرپرسیارانەی دەسەڵات نەک ناتوانێت سیستمێک بنیادنێت کە ڕێزی ئینسان بگرێت، بەڵکو ڕووی لە دووبارەکردنەوەیەکی ترسناکی ئەزموونی ئەو سیستمانەیە کە سووکایەتی بە ئینسان و کۆی ئەو بەهایانە دەکەن کە بە ئینسان نرخێکی تایبەت دەبەخشێت.

بۆیە ئەو پرسیارانەی لێرەدا پێویستیان بە وەڵامدانەوەیە ئەمانەن: ئەم جۆرە پێشێلکردن و خراپ بەکارهێنانەی دەسەڵات لە کوردستاندا بۆ ڕوودەدات؟ چییە وداەکات سیاسییەک ویست و زەوق و سایکۆلۆژیا و هەستی تۆڵەکردنەوەی خۆی بخاتە شوێنی یاسا؟ لەبەرچی دادگا لە وڵاتی ئێمەدا زیاتر ڕۆڵی دەزگایەکی حیزبیی دەبینێت تا دەزگایەکی سەربەخۆی خاوەن دەسەڵات؟ ئایا بنەماکانی جێبەجێنەکردنی دروشمی حوکمی یاسا، کە دروشمێکە حیزبە سیاسییە باڵادەستەکانی وکردستان هەڵیانگرتوە، لەکوێدایە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە یەکەمین دەروازەیەک نابێت لێینزیکبینەوە مەسەلەی هێرشی شەخسیی و تاوانبارکردنی ئەم سیاسی یان ئەو داوەرە وەک تاکەکەس، بێگومان تاکەکەسەکان دەتوانن کاردانەوەی جیاوازیان هەبێت بەرامبەر بەو کێشانەی کە ڕوودەدەن، بەڵام کێشەکە تەنها وابەستەی ئەم ئاستە تاکەکەسییە نییە و لەڕاستیشدا ئەم ئاستە تاکەکەسییە لاوازترین ئاست و ڕووکەشترین دەرکەوتی ئەو کێشەیەیە. بەکورتی ئەوەی نابێت لە خەیڵماندابێت مەسەلەی لەکەدارکردنی ناوبانگی ئەو کەسانەن کە ئەم کێشەیەیان خستۆتەوە، واتە وازهێنانە لەو گەمەی جنێو و سووکایەتیپێکردن و تۆمەتکارییەی ساڵانێکی درێژە بەشێکی بەرچاوی کولتووری سیاسی کوردییە و گەڕانە بەدوای جەوهەری کێشەکاندا لە شوێنە ڕاستەقینەکانی خۆیاندا. ئەم

جەوهەرەش وابەستەی بوونی کۆمەڵێک کەموکوڕیی بونیادی و قووڵە کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەی کردوە بە بەشێک لە ڕەوشتی سیاسی کوردی و ڕەوشتی ئەو سیستەمە دادگاییەی لەپاڵ ئەو سیستەمە سیاسییەدا دەژی. بۆئەوەی لە کورتی بیبڕینەوە دەکرێت بڵێین: سەرچاوەی ئەم کەموکوڕییانە هەم لە پێکهاتی ئەو سیستەمە سیاسییەدایە کە کۆمەڵگای کوردی بەڕێوەدەبات و هەم لە پێکهاتی ئەو سیستەمی دادگاییەدا کە لە کوردستاندا بەرقەرارە. چۆنیەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم دوو سیستەمەیە ئەو هەل و توانا و ئەگەرە بە دەسەڵاتداران ئەدات گەر بیانەوێت سایکۆلۆژیای خۆیان بخەنە شوێنی یاسا.

سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا تا ئەم ساتەی ئێستاشمان سیستەمێکە هەڵگری بەشێکی گەورەی کولتووری شەڕی چەکداری و ئەو جەنگە خوێناوییانەیە کە باڵەکانی ناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی یەکدیان پێ وێرانکردوە. سیستەمی دادگاش لەزۆر ڕووەوە درێژکراوەی هەمان ئەو سیستەمی دادەیە کە بەعس زیاد لە سی ساڵە لە کوردستاندا ئینسانی کوردی پێ زەلیل و بچووک و بێمانا دەکات. بەڵام داخۆ سیفەتی سەرەکی ئەو سیستەمە سیاسییە چییە کە ئەم هەلومەرجە تایبەتە دەخولقێنێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە بۆ قسەکردن لەسەر یەکێک لە گرنگترین پرنسیپە سیاسییەکانی دەسەڵاتی دیموکراسی کە (لێکجیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکانە).

## کێشەی لێکجیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان

زیاد لە سێ سەد و پەنجا ساڵێک لەمەوبەر و لە کتێبی (ڕۆحی یاساکاندا) فەیلەسوفی فەرەنسی مۆنتیسکیو باس لە چۆنیەتی بنیادنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی یاسا دەکات و تیورەی لێجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە دواتر دەبێتە بەردی بناغەی هەر سیستەمێک بەخۆی بڵێت دیموکراسی، پێشنیاردەکات. مەبەست لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان، السلته التشريعيه، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ، السلته التنفيزيه، و دەسەڵاتی داوەریکردنە، السلته القزائيه، لەیەکدی.

١ـ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەژێر دەستی ئەو حکومەت یان کابینەیەدا دەبێت کە لەساتێکی مێژوویی دیاریکراودا وەک دەرنجامی هەڵبژاردنێکی ئاشکراو گشتی دروستبووە. حکومەتیش مەرجنییە هەمیشە یەک گروپ بیبات بەڕێوە بەڵکو دەشێت زیاد لە گروپ و لایەنێک بەشداربن لە بەڕێوەبردنیدا، بێگومان بەپێی ئەو دەنگانەی کە لە هەڵبژاردندا هێناویانە. ئەوەشی ئەمڕۆ هەڵبژێردراوە و پۆستە حوکومییەکانی وەرگرتوە مەرج نییە سبەینێ هەڵببژێردرێتەوە و ئەو پۆستانەی پێبدرێتەوە.

٢ـ دەسەڵاتی یاسا دانان لەژێر دەستی پەرلەماندادەبێت. پەرلەمانیش نوێنەری هەموو میللەتی تێدایە، هەر هێز و گروهـ و لایەن و حیزبێک بە قەد کۆی ئەو دەنگانەی کە دەیانهێنێت لە پەرلەماندا بەشداردەبێت.

٣ـ دەسەڵاتی دادوەریکردن لەژێر دەستی دادگادا دەبێت. لێرەشدا دادگا هێزێکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە حیزب و کەس و گروهی تایبەتەوە نییە، داوەر خاوەنی دەسەڵاتێکە کە لە خودی کارەکەی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و دەستورێکی دیموکراسییانە و کۆمەڵێک یاسا کە مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت پاڵپشتی دەکات، نەک لەژێر ڕەحمی بڕیاری ئەم حیزب یان ئەو حیزب و هەڕەشە و فشار و دۆستایەتیکردنی ئەم یان ئەو سیاسیدابێت. لە ئەمریکا داوەرەکان کلینتۆنیان دادگایی کرد. لای ئێمە داوەر ناوێرێت تەناتە یاساکانی بەعسیش بەبێ فشار پیادەبکات.

بێگومان بۆ هەریەکێک لەو شێوە جیاوازانەی دەسەڵات دەزگای تایبەت دروستدەبێت کە عەقڵانیەتی دەزگایی و یاسا و نۆرمی دیموکراسییانە بەڕێوەیاندەبات، هەر یەکێکیش لەو دەزگایانە  چاودێری چۆنیەتی کارکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەویدیان دەکات و سنوورێک بۆ دەسەڵاتەکانی دادەنێت. بۆ نموونە پەرلەمان چاودێری کار و کردەوەکانی حکومەت دەکات و سنوورێک بۆ ویست و توانا و هەڵسوکەوتەکانی ئەو وەزیر و بەرپرسانە دادەنێت کە لەناو حکومەتدا دەستبەکارن، پەرلەمانتارانیش کۆمەڵێک یاسا هەڵسوکەوتیان بەڕێوەدەبات کە پێشێلکردنیان ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاساییان دەکاتەوە، دادگاش دەتوانێت لەهەر کەسێک بپرسێتەوە کە لە یاسا لایدابێ و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕەمزی خۆی بەشێوەیەکی خراپ باکارهێنابێت. لە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی حیزب و گەورە دەسەڵاتدارانەوە بیگرە تا بە هاوڵاتییەکی سادە دەگات. ئەم دەسەڵاتەی

دادگاش دەستور دەپارێزێت و داوەر لەوە ناترسێت حیزبێک یان سیاسییەک لەسەر کار لایببات، یاخود ناچاریکات داوەرییەک بکات لەگەڵ زەوق و ویست و سایکۆلۆژیای ئەم یان ئەو سیاسیدا یەکبگرێتەوە و دژ بە یاسا و بەندە یاساییەکانبێت.

## ئازادی و جیکردنەوەی دەسەلاتەکان

بەپێی ئەم جیاکارییەی سەرەوە دۆخێک دروستدەبێت کە ناهێڵێت گروهێک هەر سێ شێوەکەی دەسەلات مۆنۆپۆڵکات، ناهێڵێت هیچ هێزێک لەیەک کاتدا هەم دەسەلاتی یاسادانان، و هەم دەسەلاتی ڕاپەڕاندن و هەم دەسەلاتی داوەریکردنی بەدەستەوەبێت، یاخود دەسەلاتێکیان ئەوانیدکەیان ناچار بە نووچدان و بێدەنگبوون و ئەنجامدانی کاری نایاسایی بکات. ئەم سێ شێوە جیاوازەی دەسەلات دەبێت بەسەر کەس و لایەن و هێز و گروهی کۆمەلایەتی جیاوازدا دابەشبێت. ئەوەشی پەیوەندی نێوان ئەو لایەنانە ڕێکدەخات دەستور و چاودێری بەردەوام و یاسایە نەک ویست و زەوق و ئیرادەی لایەنێک بەتەنها. لە فەلسەفەی سیاسیدا ئەم تیورەیەی دەسەلات وەک تیورەیەکی پلورالیست ناویدەرکردوە و ڕێک پێچەوانەی ئەو سیستەمە دیکتاتۆری و نیمچە دیکتاتۆریانەیە کە هەموو دەسەلاتەکان لەدەستی گروهێکی بچووک، حیزب، یان تاکەکەسێکدا کۆدەکەنەوە.
لەم شێوازە تایبەتەی ڕێکخستنی دەوڵەت و حکومەتدا ئازادی کاتێک مەیسەر دەبێت کە هیچ گروپێک توانای مۆنۆپۆلکردنی ئەم شێوە جیاوازانەی دەسەلاتی نەبێت. لەهەر ولاتێکدا هێزێک دروستبوو توانی کۆی ئەو دەزگایانەی ئەم سێ شێوە دەسەلاتە بەرجەستەدەکەن بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، ئەوکات ئەو شێوازی دەسەلاتەی دروستدەبێت تاکڕەو و دەسەلاتگەر و ستەمگەر دەبێت، هیچ میکانیزمێک نامێنێتەوە بۆ چاودێریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەلات و ڕەوشتی دەسەلاتداران.

فەلسەفەی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەیەکدی فەلسەفەیەکە ڕێگر لەوەی دەسەلات بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و ناڕاست بەکاربهێنرێت و کەس نەتوانێت لە دەسەلاتداران و چۆنیەتی بڕیاردان و بەکارهێنانی دەسەلاتیان بپرسێتەوە. ئەم فەلسەفەیە ئەو میکانیزمانە فەراهام دەکات کە بەهۆیانەوە کۆمەلگا بتونێت بەگژ هەر شێوەیەکی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتدا بچێتەوە. لەهیچ شوێنێکی جیهاندا پێشێلکردنی پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەیەکدی بەو ئەندازەیە لەئارادنەبووە وەک لە عێراقی بەعس و ڕۆژگاری سەدام حوسەیندا. زیاد لە سی ساڵ جەنگی خوێناوی بەعس دژ بە کورد، ئەنفالکردنی لادێکانی کوردستان، گرتن و کوشتنی سەدان و هەزاران مرۆڤ، هەڵگیرساندنی چەندان جەنگی خوێناوی دۆڕاو، ئیهانەکردنی ڕۆژانەی مرۆڤ و سووکایەتیپێکردن و ناچارکردنی بۆ بوون بە بەعسی و ڕێگرتن لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی کەسێک کە بەعسی نەبووبێت، بەهەدەردانی سامانی نەتەوەیی عێراق و ئیفلاسکردن، هەر هەموویان دەرەنجامی کۆبوونەوەی کۆی هەموو ئەو دەسەلاتانەی سەرەوەیە لەدەستی دیکتاتۆرێک و نوخبەیەکی حیزبی بچووکدا.
ئەنجامی ئەوەیە کە مرۆڤ و کۆمەڵگای عێراقی بەردێژایی مێژووی ئەم سی ساڵەی دوایی هیچ دەزگا و یاسا و میکانیزمێکی لەبەردەستدا نەبووە بتوانێت سنوورێک بۆ بڕیار و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی ئەو دەسەلاتدارانە دابنێت کە عێراقیان بەڕێوەبردوە. ئەوەی لێرەدا شایانی باسکردنە ئەو ڕاستییەیە کە بەعس هەموو ئەو دەزگایانەی هەبووە کە تیورەی لێکجیاکردنەوەی دەسەلاتەکان خوازیاریانە. بەعس هەم حکومەتی هەبوو، هەم پەرلەمان و هەم دادگا، بەلام هیچ یەکێک لەم لایەنانە سەربەخۆنەبوون. پەرلەمانی عێراقی هەمیشە پەرلەمانێکی کارتۆنی بووە و تەواو لەبەردەم مەجلیسی قیادەی سەورەدا ئیفلیج بووە، دادگا لەبەردەمی فشاری حیزب و بەرپرسەکانیدا ئیفلیج بووە و حکومەتیش لەبەردەم دەسەلاتی سەدام و کوڕ و ئامۆزا و نیمچە براکانیدا ئیفلیج.
ئەوەی لە کوردستاندا دەبێت ڕێیلێبگیرێت دووبارەکردنەوەی ئەم ئەزموونە ناشیرینەی بەعسە لەڕێگای دابەشکردنێکی ئاشکرای دەسەلات و لێکجیاکردنەوەیان لەیەکدی، بەخشینی هەر بەشێک لەو دەسەلاتانە بە دەزگای ڕاستەقینەی خاوەن دەسەلات کە دەستورێکی دیموکراسی ماف و ئەرکەکانیان دەستنیشانبکات، نەک زەوق و ویستی ئەم یان ئەو بەرپرسیاری سیاسی.

## ئەزموونی کوردیی و ئەزموونی بەعس

بێگومان گوناهێکی گەورەیە ئەزموونی کوردستانی عێراق بە ئەزموونی بەعس بەراوردکەین، ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئامادەیە بە چەندان هەنگاو لەپێش ئەو سیستەمەوەیە کە بەعس لە عێراقدا بینایکردوە، بەڵام باشتربوون لە بەعس مانای دیموکراسیبوون ناگەیەنێت. بەعس هێزێکی فاشییە، نەبوون بە فاشیەت مانای ئەوە نییە تۆ دیموکراسی و ڕێزی مافەکانی مرۆڤ دەگری و ئەو دەسەڵاتەی هەتە بەشێوەیەکی خراپ بەکارناهێنیت. دەسەڵاتێک بۆئەوەی ببێت بە دیموکراس و ڕێزی مرۆڤ و کۆمەڵگا بگریت و هاوڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەکات، ئەوەندەی بەس نییە لە بەعس نەچێت، بەڵکو دەبێت هەڵگری زۆر کارەکتەری دیکەبێت، لەپێش هەمووشیانەوە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دروستکردنی میکانیزمی تایبەتی چاوێریکردن و لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی و یاسایی سەربەخۆ و لەهەمووشی گرنگتر ئامادەبوونی هەموو لایەنەکان بۆ چاودێریکردن و لێبپرسرینەوەی یاسایی. ئەو کەسەی کەپێیوایە دە ساڵ یان بیست ساڵ یان ئەوەتەی هەیە پێشمەرگەبووە و ئەمە وایلێدەکات نەکرێت لە کاروکردەوەکانی بپرسرێتەوە، ڕێ لە دروستبوونی سیستەمی دیموکراسی دەگرێت. جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە دیموکراسیەت تاقە ڕێگایەکە بشێت بە کورد مژدەی ئایندەیەک بدات کە تێیدا جینۆساید نەکرێت و وەک ئەرمەنی و هیندیە سوورەکانی لێنەیەت.

لێرەوە ناتوانین لادانی کاک عارف تەیفور لە یاسا و بێدەنگبوونی دادگا لەهەولێر لەو لادانە وەک ڕووداوێکی سادە و ڕێکەوتێکی خراپ تەماشاکەین. ئەم ڕووداوە هێمایەکی ڕاستەوخۆیە بۆ هەلومەرجێک کە دەسەڵاتەکانی تێدا جیانەکراوەتەوە، یاسا سەروەر نییە، دادگا ئازاد نییە، سایکۆلۆژیای دەسەڵاتداران لە شوێنی یاسا کاردەکات، حیزب زۆربەی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆنترۆڵکردوە. ئەمانەش کۆمەڵێک دەرکەوتن کە پێویستیان بەپیاچوونەوە و چارەسەرکردنی خێرا هەیە، نەک بێدەنگبوون لێیان بە بەهانەی ئەوەی ئەوانەی ئەمڕۆ دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە دوێنێ پێشمەرگەبوون و کوردایەتیان کردوە، بێگومان ڕابووردوی ئەو بەڕێزانە جێی ڕێز و ستایشە، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە چیدی لەو ڕابووردوەدا ناژی و ڕووی بەجیهانێکی نوێدا تەقیوەتەوە کە داواکاری نوێی هەیە. دوای زیاد لە ١١ ساڵ لە حومکی حیزبە کوردییەکان لە کوردستاندا بڕی نیشتیمان پەروەری و دڵسۆزی چیدی بە ڕابووردوی حیزبی و ساڵانی پێشمەرگایەتی ناپێورێت، بەڵکو بەگوێگرتن بەدەمەوەڵوونی بۆ داواکارییەکانی ئەم جیهانە نوێیە دەپێورێت.
بێگومان هەرکەسێک کەمەکێک بەوردی لە هەلومەرجی ئەمڕۆکەی کوردستان ڕامێنێت بە ئاسانی بەو ڕاستییە دەگات کە دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیانەکراونەتەوە و هەرسێ شێوەکەی دەسەڵات لەژێر دەستی حیزب و سەرکردەکانی حیزبدان. هەمووومان دەزانین مەکتەبی سیاسی حیزبەکان لە پەرلەمانی کوردی گرنگترن و دەسەڵاتی بەرپرسە حیزبییەکان لەدەسەڵاتی داوەران گەورەترە و دەسەڵاتی سەرکردە حیزبییەکان لە دەسەڵاتی هەردوو حکومەتەکە مەزنتر. ئەمانەش هێما بۆ هەلومەرجێک دەکەن کە پێویستی بە گۆڕانی خێرا و گرنگ و ڕیشەیی هەیە. ئەم دۆخە تایبەتە هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا داوەتدەکات بۆ ئەنجامدانی خەباتێکی دیموکراسیانەی هێمن و بەردەوام و هەمەلایەن، لەپێش هەموشیانەوە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەگەریی کوردی.

## ڕۆژنامەگەری و نەبوونی دەسەڵاتی چوارەم لە کوردستاندا

بەبۆچوونی من لە کوردستاندا نەک دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیانەکراونەتەوە بەڵکو نوخبەکانیش لەیەک جیانین، لای ئێمە نوخبەی دەسەڵاتدار نوخبەیەکی حیزبییە و ڕاستەوخۆ لە سێنتەری دەسەڵاتدا ئامادەیە. ئەم نوخبەیەش بەشێکی گەورەی کایە گرنگەکانی کۆمەڵگای کوردی مۆنۆپۆڵکردوە، لە کوردستاندا نوخبەی جیاوازمان نییە کە لە کایەی جیاوازدا دەسەڵاتی جیاوازیان هەبێت. هەموو ئەم نوخبانە لەناو حیزبدا توێندراونەتەوە و لەدەرەوەی حیزبدا هەلی مانەوەیان وەک نوخبەیێک کاریگەری لەسەر بڕیاردانی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبێت زۆر لاوازە. لە کوردستاندا نوخبەی ئابووری و نوخبەی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر هەمان

نوخبەن، نوخبەی سەربازی و نوخبەی سیاسیش تێکەڵن، نوخبەی ڕۆشنبیری و زانستیش بەتوندی بەستراونەتەوە بە نوخبەی حیزبییەوە (زۆربەی ئەوانەی لە زانکۆکان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکاندا لەشوێنی بڕیارداندان سەر بە حیزبەکانن و بەڕادەیەکی زۆر ویستی ئەوان پیادەدەکەن). هیچ یەکێک لەو نوخبانە لەسەر بنەمای ئەو پیشەیەی کە هەیەتی بەشێک لە دەسەڵاتی بەدەستەوە نییە، بەڵکو دەسەڵاتی ئەم هێزانە، گەر هەیانبێت، لەوەوەیە داخۆ لەناو حیزبدان یان نا. ئەم دۆخە وایکردوە هەموو قسەکردنێک لە مەسەلەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کوردستاندا زیاتر دروشم بێت نەک هەقیقەتێکی سیاسی و مەدەنی.
ئەو پرسیارەی لێرەدا دەبێت لە خۆمانی بکەین ئەوەیە: ئایا لە کۆمەڵگایەکدا ئەم سێ دەسەڵاتە سەرەکییەی تێدا لە یەکدی جیانەکرابێتەوە، دەشێت دەسەڵاتی چوارەمی تێدا دروستببێت؟

بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە با مەبەستمان لە دەسەڵاتی چوارەم روونکەینەوە. دەسەڵاتی چوارەم یانی چی؟

دەستەواژەی دەسەڵاتی چوارەم دەستەواژەیەکە زیاد لە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر فەیلەسوفی سیاسی ئینگلیزی، ئیدمۆند بیورکە، بەکاریهێناوە. مەبەستی ئەم فەیلەسوفە لەم دەستەواژەیە دروستبوونی دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەگەرییە. چۆن ڕۆژنامەگەریی دەبێتە ئەو هێزەی بەهۆیەوە کۆمەڵگا بتوانێت چاودێری چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵات بکات، چۆن ڕۆژنامەنووسان دەتوانن هێزە دەسەڵاتدارەکان چاودێریبکەن، گرنگترین پرسیارێکن چەمکی دەسەڵاتی چوارەم دەیانهێتە پێشەوە. ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتی چوارەم بەرگریکردنە لە کۆمەڵگا لە بەرامبەر هێزە باڵادەستەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە خۆیدا. ئەوەشی دەتوانێت دەسەڵاتی چوارەم بپارێزێت لەشکر و تفەنگ و دەزگای چەکدار و نهێنی نییە، نە ڕۆژنامەگەرییەک و نە ڕۆژنامەنووسێک هەیە دەبابە و تۆپ و لەشکری هەبێت بۆ خۆپاراستن، بەڵکو دەستوورێکی دیموکراسیی هەیە کە پێشوەخت سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی لەیەکدی جیاکردۆتەوە و بە ڕۆژنامەنووسانیش دەسەڵاتی چوارەم دەبەخشێت.

لێرەوە ناتوانین بەبێ لێکدیجیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکە لەیەکدی قسە لەبوونی دەسەڵاتی چوارەم بکەین، ڕێگەی دروستبوونی دەسەڵاتی چوارەم بە لێکدیجیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکەدا تێدەپەڕێت.
بەم مانایە هەموو قسەکردنێک لەسەر ڕۆژنامەنووسی ئازاد و ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ قسەکردنێکی بێمانا دەبێت گەر دەستورێک نەبێت لەڕێی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە دۆخێکی دروستکردبێت ڕۆژنامەنووسان و داوەران و هێزەکانی دیکە بتوانن بەسەربەخۆیی و لەدەرەوەی فشاری حیزب و هێزە دەسەڵاتدارەکاندا کاربکەن.

## ئەنجام

لە کێشەی نێوان مەم بورهان قانیع و کاک عارف تەیفوردا ئێمە لەبەردەم دۆخێکداین کە سیاسییەک دەتوانێت بڕیاری ئەوەبدات ڕۆژنامەنووسێک بگیرێت، کەی و چۆن سەربلێبدرێت، بەکەفالەت بەربێت یان بەرنەبێت، ناچاربێت نامەی لێبووردن بنووسێت. بەدیوی ئەودیوشدا لەبەردەم سیستمێکی دادگادایین کە ناتوانێت بەسەربەخۆیی کاربکات و لەسەر بنەمای ئیرادەی خۆی بڕیاربدات.

لەهەر کۆمەڵگایەکدا زیندان هەبوو، حیزبی سیاسی هەبوو، میلیشیای چەکدار هەبوو، دەسەڵاتدارانێک هەبوون کە بتوانن دەرگای زیندانەکان بکەنەوە و داخەن، توانای بەکارهێنانی توندوتیژی هەبوو، ئەگەری سوکایەتیکردن بە ئینسان هەبوو، ترس هەبوو، بێقانوونی هەبوو، دەبێت ڕۆژنامەنووسی ئازاد هەبێت. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمدا هەر کۆمەڵگایەک بیەوێت بەرگری لە ماف و هێز و بەشە جیاوازەکانی ناو خۆی بکات پێویستی بە سیستمێکی دادگایی سەربەخۆ و سیستمێکی ڕۆژنامەگەریی ڕاستەقینەیە

دەسەڵاتدارەکانی چاودێریکات. دەسەڵات لەهەر کوێ بوو دەبێت کۆمەڵێک یاسا و هێز و تواناهەبێت چاودێریکات، مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتی نیشانیداوین لەهەر شوێنێک دەسەڵاتێک هەبوو ئامادەنەبوو چاودێریکرێت، لەوێدا ئەگەری سووکایەتیکردن بە ئینسان زۆر گەورەیە.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم ووتارانە توانیبێتیان هەندێک پرسیار بوروژێنن و هۆکارێکبن بۆ دروستبوونی دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرفراوان لەسەر ئەم مەسەلانە. هیواداریشم کۆی بۆچوونەکانی ناو ئەم ووتارە وەک دەلاقەیەک بۆ چاکترکردن و جوانترکردنی ئەو ئەزموونە گرنگە ببینرێت کە لەکوردستاندا ئامادەیە نەک وەک پەلامار و هێرشی سیاسی و تاکەکەسی.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**